کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 22:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شێرکۆ فتاح ڕۆماننووسی ئەلمانی بەڕەچەلەک کورد، خەلاتی هێلدە- دۆمین، بۆ ئەدەب لەمەنفای وەرگرت ... یوسف مەنتک

شێرکۆ فتاحی ڕۆماننووس لە 25، 9، 2007 لەشاری هایدلبێرگی-ئەلمانیا لە لایەن بەڕیز ئێکارد ڤوتزنەر سەرۆکی شارەوانی ئەم شارە خەلاتی HILDE-DOMIN بۆ ئەدەب لە تاراوگەی پێ بەخشرا، ئەم خەلاتە لە ئەلمانیا دەدرێت بەو نووسەرانەی خەلکی وولاتی ترن بەلام ئێستا لە ئەلمانیا نیشتە جێن، ڕۆماننووس خاەونی ڕۆمانە کانی وەك: لە سنووری وولاتان، مامۆکە.



شێرکۆ فتاح لە سالی 1964 لە بەرلینی ڕۆژهەلات لە دایکێکی ئەلمان و باوکێکی کوردی خەلکی شاری سلێمانی لە دایک بووە، بە ئەلمانی دەنووسێ، دەکاتە برازای ڕووناکبیروسیاسەتمەداری گەورەی کورد ئیبراهیم ئەحمەد، لە سالی1975 دێنە ئەلمانیای ڕۆژئاوا نیشتە جێ دەبن، نووسەر فەلسەفەومێژووی هونەری خوێندوە، ئێستاش وەک نووسەرێکی ئازاد لە بەرلین ژیان بەسەر دەبات.

هەر بەم بۆنەیەوە نووسەر لە ئێوارەی 26، 9 کات 7، 30ئێوارەیەکی ڕۆمان خوێندنەوە یلە پەرتووکخانەی گشتی هایدلبێرگ پێش کەش کرد، ژمارەیەکی زۆر لە میوان هاتبوون ئەم هۆلەی دانرابوو بۆ سمینارەکە جێگەی میوانانی تیدانەدەبۆوە بۆ یە کۆڕەکە لە هۆلێکی تری گەورەتری پەرتووکخانە پێشکەش کرا، لەم ئێوارەیەدا بەشێک لە ڕۆمانی لەسنوری وولاتانی باسکردوو خوێندەوە، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە نێوان سنووری ولاتانی ئێران وئیراق وتورکیا بوو، دواتر دەروازەی پرسیارو گفتوگۆ دەستی پێکرد، ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبوان بەشداری گفتوگۆکان بوون، باسەکان لە سەر وەرگێرانی رۆمانەکانی نووسەربۆ زمانەکانیترو کلتوروزمانی کوردوبەرهەمەکانی نووسەرومالباتی نووسەروچەند لایەنێکی تر قسەوباسکران، نووسەر گووتی باوکم ئێستا لە سلێمانی دەژی، شوێنی مالی باوکم کراوە بە مۆزەخانە لە سلێمانی.

ئێمەش چەند کەسێک وەکو کورد ئامادەی ئەم ئێوارە کۆرە بوین جێگەی خۆشحالی نووسەر بوو.

یوسف مەنتک/ئەلمانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.